# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینەوەی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کورد و کوردستان

## نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی لە دەرەوەی وڵات 1984-1998

20) دوای هەڵبجە: مێژوویەکی سەر لەبەر نوێ

January 1989 - Peyv No :9

هاوڕێیان، خوشکان، برایان!
لەم سێ رۆژەدا ئێوە هەنگاوێکی گەورەتان نا و ئاسۆی ئەرخەوانی خەونێکی زیندووتان نەخشاند.
هەڤالینە، هەزاران کوردی ئاوارە و دەربەدەر، هەزاران کوردی بەر سێبەری مەرگی گازی ژەهراوی، هەزاران کوردی دڵ بە خوێن و جەرگ سووتاو و هیوا بڕاو، کە چاویان بڕیوەتە ئەوروپا، کە چاویان بڕیوەتە کوردی دەرەوە، کە دڵیان ناوەتە سەردەست و تاقە تەمایان ئەوەیە دنیای دەرەوە و رای گشتی مرۆڤایەتی و دیمۆکراتیی جیهانیی، کارێك بکا و سنوورێك بۆ تاوانی لە هەموو سنوورێکی مرۆڤایەتی و رەوشت بەدەری بەعس دابنێ، ئەوانە چۆن ئەم هەواڵە وەردەگرن؟ ئەوانە چ هیوایەکی مەزن بەم هەنگاوە پیرۆزەی ئێوە دەبەستن، ئەوانە چۆن هەموو گیانیان دەبێتە هەست و هەموو هەست و نەستێکیان دەبێتە هاوارێکی گەرم و گوڕ:
**هۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە دەرەوەی وڵات، هۆ برا و خوشك و کەس و کارمان، بە فریامان بکەون، بە فریای گەلەکەتان بکەون، بە فریای کوردستانەکەتان بکەون...!!**
بەڵام خوشکینە، بڕایینە، با هەڵوێستەیەك بکەین و بپرسین:
ئایا بە راست ئێمە لە ئاست ئەم هاوارەداین؟ با ماوەی نێوان سەخیی و دژوایی و گەورەیی لێپرسراوێتی مێژوویمان لەم قۆناغەدا و وەڵامدانەوەی خۆمان بۆ

ئەم لێپرسراوێتییە بە پێوانەی ویژدانی مرۆڤایەتیی و ئەرکی نەتەوەیی و مێژوویی بپێوین! با بپرسین: ئایا لە هەموو کاتێکدا، لە هەموو وڵاتێکدا، کار هەیە کە دەبێ بکرێ و دەتوانرێ بکرێ، بەڵام ناکرێ؟ کار هەیە کە دەکرێ، بەڵام ناتەواو و نیوەناچڵە و دەکرێ چاکتر بکرێ؟! ئایا زۆر جار ناتەبایی و لێنەهاتوویی و دواکەوتوویی بیرکردنەوە و رەفتار و هەڵوێستی خۆمان نابێتە هۆی ئەوەی مستە خۆێی زیاتر بخەینە ناو قەوارەی برینەکانی ناو گیانی نەتەوەکەمانەوە؟!

هاوڕێینە! ئەمڕۆ لە کوردستاندا تەنیا پێشمەرگە شەهید نابێ، تەنیا گەنج و ژن و منداڵ و پیر شەهید نابن، ئەمڕۆ شار شەهید دەبێ، دێ شەهید دەبێ، دار و درەخت شەهید دەبێ، باخ و بەهار و رووبار و سەوزایی شەهید دەبێ، ئەمڕۆ ژیان خۆی شەهید دەبێ، کوردستان خۆی شەهید دەبێ. من خۆم خەڵکی دێی مەرگەم، دێیەکە لە ناوچەی پشدەر لە نێوان دوکان و قەڵادزێ. ئێستاش، هاوزێدەکانم، خەڵکی ئەو دێیە پێیان دەگوترێ: ئەسحابە کوژ- ئەمەش ناوێکە لەناو قوڵایی بیرەوەری مێژوودا پارێزراوە و ماوەتەوە، نیشانەیە بۆ خەباتی خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ پاراستنی ناوچەکەیان لە هێرشی ئیسلام لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا. لەوساوە، بەڵێ لەوساوە ئەو ناوچەیە هەر ئازاد بووەو هیچ هێزێکی داگیرکەر نەیتوانیوە بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، هیچ زۆردار و ستەمگەرێك نەیتوانیوە چۆکی پێ دادا، ئەو ناوچەیە شارستانێتی کۆنی خۆی، شارستانیەتێکی سەرەتایی و سادە، بەڵام خۆکرد و دەوڵەمەند و بەهێز، هەر پاراستووە و چەندەها شێوەی رەسەنی کەلتووری کوردی تێدا چەسپاوە. لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێشدا، مەرگە چەندان جار کەوتۆتە بەر شالاوی ناپاڵم، بەڵام دێیەکە هەر ما، شاخە سەرکەشەکانی گەمەیان بە خەیاڵی خاوی داگیرکەران دەکرد.. هەتا ئەمساڵ.. بەر لە هەڵەبجەی شەهید، مەرگەش لەگەڵ چەندەها گوند و دێهاتی کوردستان شەهید بوو، بەڵام لە جەنگدا نا، دوژمن نەیتوانی بیگرێ، بەڵکو لە ئەنجامی گازی ژەهراوی خەردەل و ساینایدو گازی دەماردا شەهید بوو. دوا بە دوای ئەویش، دێیەکانی دۆڵی جافایەتی و سەرگەڵو و بەرگەڵو، ئەوسا هەڵەبجەی مێژوو، هەڵەبجەی شارستانێتی کۆنی کورد، هەڵەبجەی مەولەوی و ئەحمەد جاف و گۆران، بە گازی کیمیاوی شەهید کرا.

ئێوە ئاگاداری ئەم کارەساتانەن. منیش بەو نیازە نایانگێرمەوە زانیاریەکی تازەتان بدەمێ... بەڵکو دەمەوێ بڵێم پێویستە هەموو پرسیارەکانمان، وەڵام بۆ هەموو پرسیارەکانمان، لێرەوە دەست پێ بکەین: لە هەڵەبجەوە...

هەڵەبجە تەنیا قۆناغێکی مێژووی نوێ لە ژیانی نەتەوەکەماندا تۆمار ناکات.. بەڵکو سەرەتای مێژوویەکی نوێ و کۆتایی هاتنی مێژوویەکی کۆن - لە سەردەمی دەست پێکردنی مێژووی گەلەکەمانەوە - تا ئەمڕۆ تۆمار دەکات.

لەمڕۆ بەدواوە، کەباسی مێژووی کورد دەکەین، دەبێ باسی مێژووی پێش هەڵەبجەو مێژووی دوای هەڵەبجە بکەین، دەبێ باسی خەباتی پێش هەڵەبجەو خەباتی دوای هەڵەبجە بکەین، دەبێ باسی کوردی پێش هەڵەبجە و کوردی پاش هەڵەبجە بکەین.

دەبێ ئەوەش بڵێم: کە ئەم کۆنگرەیەی ئێوەش، ئەم بڕیارەی ئێوەش بە یەکگرتنەوەیان، بە یەکگرتنتان، بە دەست نیشان کردنی دەست پێکردنی نوێی خەباتتان لە دەرەوەی وڵات، خاڵێکە لە سەرەتای مێژووی دوای هەڵەبجە.

بەڵام ناتوانین ئەمە تێ بگەین و مانای قوڵی ئەمە حاڵی بین، گەر نەزانین بۆ هەڵەبجە هێندە گرنگە! بۆ هەڵەبجە مێژوویەکی سەرلەبەری رابردووی گەلەکەمان جیا دەکاتەوە و سەرەتای مێژوویەکی نوێی دەنەخشێنێ، بۆ هەموو هەوڵ و هیوایەکمان وەك ئەو کۆنگرە و بڕیارەی ئێوە بە مێژووی دوای هەڵەبجەوە بەندە.. لێکدانەوەی ئەمە کارێکی هەروا سانا و سادە نییە و بە داخێکی زۆرەوە لەم ماوە کورتەدا دەرفەتی دەرەقەت هاتنی ئەم مەسەلەیەمان نییە. بەڵام بە کورتی و بە کوردی دەڵێم: مێژووی کورد بەر لە هەڵەبجە: مێژووی شاخە، شارستانێتیمان: شارستانێتی شاخە، فەلسەفەمان: فەلسەفەی شاخە، شێوەی خەباتمان: شێوەی خەباتی شاخە، ستراتیژیەت و تەکتیکمان: ستراتیژیەت و تەکتیکی شاخە.

لەدوای هەڵەبجە هەموو ئەمانە، کەم یان زۆر، سەرەتای کۆتاییان دەستی پێکرد. ماوەیەك لەمەوبەر رۆژنامەیەکی عەرەبی لە لەندەن، وەك گاڵتەکردنێك بە کورد و توانای کورد، ئەم رووداوەی گێڕابۆوە:

ساڵی 1967 کە شەڕی دەستدرێژیکەرانەی ئیسرائیل دژی عەرەب دەستی پێکرد، شۆڕشی کورد بە سەرکردایەتی بارزانی شەڕی وەستاند و بە رەسمی ئامادەیی خۆی بە حکومەتی عێراق راگەیاند کە هێزی پێشمەرگە بۆ پاڵپشتی عەرەبەکان دژی ئیسرائیل بنێرێ. بەرنامەی ( حدیث ابن الفرات ) ی ئیسرائیلی تەعلیقێکی

لەسەر ئەمە بڵاو کردبۆوە، تێیدا گوتبووی: با بارزانی لە بیری نەچێ کە کوردی بۆ شەڕکردن لە گەڵمان نارد، هەندێ شاخیشیان لەگەڵ بنێرێ!!-
مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە: کە کورد تەنیا بە شاخەکانیەوە پیاوە و ئازایە، گەر شاخی لێ بکەنەوە، یان لە شاخ دووری بخەنەوە، ترسنۆك و بۆش و بێ توانایە!! دیارەئەو تێزەی کە کورد بە شاخەوە بەهێزە ڕاستیەکی مێژووییە و نکوڵی لێ ناکرێ، بەڵام ئەوەی کە کورد بەبێ شاخ، وەك مرۆڤ و هێزی خۆیی، بۆش و بێ دەسەڵاتە: مەسەلەیەکی نیسبییە و بەهەل مەرجی بابەتی ترەوە بەندە، چونکە مرۆڤ خاوەنی خواست و توانستی خۆگونجاندن و سەرکەوتن و زاڵ بوونە و نموونەی مێژوویی زۆریشمان بۆ سەرکەوتویی مرۆڤی کورد، دوور لە شاخ و داخەکەی، هەیە، هەر وەکو چۆن نمونەی پێچەوانەشمان زۆرە. بەڵام ئەمە باسێکی ترە و شەن و کەو کردنی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆژیی و ئەنترۆپۆلۆژیی و ئابوریی و سایکۆلۆژی قووڵ هەیە.. ئەوەی ئێستا دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە ڕاستە: دابڕانی کورد و شاخ دوای هەڵەبجە بووە حەقیقەت. شاخ وەك تاکە هێز و پشت و پەنای کورد کاری نەماوە. مێژووی شاخ و ئابووری شاخ و فەلسەفەی شاخ و شێوەی خەباتی شاخمان، زەبرێکی کوشندەی بەرکەوتووە. بە کورتی: پێویستمان بە بیرکردنەوەیەکی نوێیە! بە فەلسەفە و ستراتیژیەتێکی نوێیە! بە شێوە خەباتێکی نوییە، بە داڕشتنی سەرەتای مێژوویەکی نوێیە!!
چۆن دەشێ ئەوە بکەین؟ دەوری ئێوە وەك خوێندکار، وەك ڕووناکبیر، وەك هێزێکی سیاسیی و کەلتوریی لە دەرەوەی وڵات چییە؟!
بۆ وەڵامی ئەمەش، هەر دەبێ لە هەڵەبجەوە دەست پێ بکەین، لە تێگەیشتنی مانا و دووری و جەوهەری تراژیدیای هەڵەبجەوە دەست پێ بکەین. نوسەری بەناوبانگی ئەمریکی ئێرنست هەمەنگوای تەواوی چیرۆکی پیاوی پیر و دەریا، بۆ خەباتی بێ وچان و سەرسەخت و کۆڵنەدەرانەی پیاوێکی پیر دژی دەریا و تەوژم و نەهەنگەکانی تەرخان دەکات، تا ئەم وتە بەنرخەی خۆی بسەلمێنێ: مرۆڤ تێك دەشکێندرێ، بەڵام نابەزێندرێ. بە حەقیقەت دەکرێ ئێمەش بە دڵنیاییەوە ئەم باوەڕە بێ دوودڵییە بسەلمێنین، کە ڕاستە ئێمە ئەمرۆ تا ڕادەیەك تێك شکێنراوین، بەڵام نەبەزیوین.
مەرگە نەبەزی و نەبەزیوە، پێشمەرگە نەبەزی و نەبەزیوە، هەڵەبجە نەبەزی و نەبەزیوە.. بەڵام هەموو ئەمانە، بە شێوەیەکی دڕندانە و ترسنۆکانە، تێك شکێنران.. مەرگە بەرامبەر شاڵاوی سوپای داگیرکەر نەبەزی، بەرامبەر ناپاڵم و

هێرشی سوپایی نەبەزی، بەڵام گازی ژەهراوی دژ بە مرۆڤ و هەموو پرینسیپێکی مرۆڤایەتی و سروشتی تێکی شکاند، پێشمەرگە لە هەموو بەرەکانی جەنگدا، چۆکیان بەرامبەر بە هێزی چەند جار بەرامبەری دوژمن دادا، بەڵام پێشمەرگەیەك بۆی گێڕامەوە کە چۆن شەش پێشمەرگەی دلێر و جەنگاوەر لە ناو خێوەتەکانیاندا، بەر لەوەی بتوانن کلاشینکۆفەکەیان بکەنە شان، بەر لەوەی ماسکی گازەکە بکەنە سەر و چاویان، بە گازی ژەهراوی سڕ بوون، لەکاتێکدا بە نیازن تفەنگەکانیان بەرز بکەنەوە، یان ماسکەکە لەدەم و چاو ببەستن.. ئایا ئەمە بەزینی کوردە، یان بەزینی ترسنۆکانەی دوژمنەکانی؟ هەر بەم شێوەیەش هەڵەبجە نەبەزی، دوژمن دیسان ترسنۆکانە پەنای بردە بەر کوشندەترین گازی کوێرکەر و ئەعساب و شارەکەی بە ناهەق و بە تاوان بەوپەڕی بێ ویژدانی و ترسنۆکییەوە شەهید کرد.

لێرەوە دەشێ ئێمە بە چاوقایمیەوە بڵێین: دوژمنەکانمان بەزیون!! ئەوان نەیانتوانی کوردستان داگیرکەن و ترسنۆکانە وێرانیان کرد. نەیانتوانی کۆمەڵانی خەڵکی کورد دیل و ژێر دەست کەن، ترسنۆکانە قڕانیان کرد. نەیانتوانی خواستی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کورد کپ بکەنەوە، نامەردانە و دڕندانە گەلێك لەناو دەبەن، کە گوایە گەلی خۆیانە، وڵاتێك وێران دەکەن، کە گوایە خاك و وڵاتی خۆیانە!!

بەڵام هێشتا وەڵامی پرسیارەکەمان نەداوەتەوە: مانای هەڵەبجە چییە؟ ئایا ئەم حەقیقەتە ئینسانییە، ئایدیالییە، کە ئێمە نەبەزیوین و دوژمنەکانمان بەزیون، ترسنۆکن، دادمان دەدا؟! ئایا ئەمە برینمان تیمار دەکا؟ ئایا هێرشی لەناوبرد و قەلاچۆکردن دەوەستێنێ؟ نەء، نەء، هاوڕێینە، دەبێ سەردەمەکەمان تێ بگەین، دەبێ ئەو شتە تێ بگەین کە فەیلەسوفان ناویان ناوە: ڕۆحی سەردەم! ئایا ڕۆحی سەردەمەکەمان چییە؟ ئایا هەڵەبجە چیمان دەربارەی ڕۆحی سەردەمەکەمان و یاسای رۆژگارەکەمان بۆ دەردەبڕێ؟!

بە کورتی دەڵێم: هەڵەبجە بە سەختی و بە خەستی ئەو راستیەی بۆ سەلماندین کە ئەمڕۆ سەردەمی مرۆڤ نییە، سەردەمی ئالەیە. ئەمڕۆ ئالەت بەسەر مرۆڤدا زاڵە، ئەمڕۆ ئالەت مان و نەمانی گەلان و کۆمەڵان بڕیار دەدا، مەبەستم لە ئالەت تەکنەلۆژیایە.

کۆلۆنیالیستە ترسنۆکەکانی بەعس بۆیە توانیان هەڵەبجە دروست بکەن، بۆیە توانیان کوردستان وێران بکەن، بۆیە توانیان چۆك بە ئێران دادەن: چونکە ئالەتیان، تەکنەلۆژیای تازەیان لە شێوەی چەکی کیمیاوی بە دەستەوە بوو.

ئیمپریالیستەکان و دوژمنانی مرۆڤایەتی و خواکانی شەڕ و هێز و پارە ئەم تەکنەلۆژیا کوشندەیان بۆ فەراهەم کردبوو.
بە پێچەوانەوە دەبینین کە رژێمی ئێرانی لەگەڵ ئەوەشدا کە توانی ملیۆنەها کەس بەوپەڕی حەماسەتی دینی و بیر و باوەڕیەوە، بۆ مەیدانەکانی جەنگ ئامادە بکا و ، شەپۆل دوای شەپۆل، جەنگاوەر بڕژێنێتە مەیدانی جەنگەوە، هێشتا نەیتوانی سەرکەوتنێکی ئەوتۆ لە بەرەکانی جەنگدا بەدەست بێنێ، بە تایبەت دوای ئەوەی کە عێراق چەکی کیمیاوی، وەك چەکێکی سەرەکی و ڕۆتینی جەنگ، چ دژی ئێران، چ دژی کوردستان خستە کار.
بەڵێ، ئێران رۆژ لە دوای رۆژ پاشەکشەی کرد، چونکە سیاسەتمەدارانی تۆڵەخوازی ئێران لەو راستیە سادەیە حاڵی نەبووبوون کە ئەمڕۆ سەدەی مرۆڤ نییە، سەدەی ئالەیە، سەدەی جەماوەری زۆر و بیر و باوەڕو حەماسی دینی و کلیلی بەهەشت و کەربەلای یەك و دوو و دە نییە، بەڵکو سەدەی تەکنەلۆژیایە و تەکنەلۆژیایە بەهێز و بێ هێز، پێشکەوتوو و دواکەوتوو، زاڵ و زەلیل، سەرفراز و دۆڕاو دیاری دەکا. هەزاران جەنگاوەری خاوەن ئیمان لە مەیدانی جەنگدا بایەخیان چییە گەر تەوژمە بایەکی گازێکی ژەهراوی لە تەیارەیەکەوە یا لە تۆپێکەوە دەرچێ بتوانێ وەك مێش لەناویان بەرێ.
هاوڕێیان! شاخ تا ماوەیەکی دوور و درێژ ئێمەی کوردی لە زاڵ بوونی تەکنەلۆژی چەکی دوژمنەکانمان پاراستبوو، نەڵام هەڵەبجە کۆتایی بەو قۆناغە مێژووییە، بەو مێژووە سەر لەبەرە هێنا.
هەڵەبجە بە شێوەیەکی سەخت و جەرگبڕ، حەقیقەتی ڕۆحی ئەم سەردەمەی بۆ سەلماندین.
ئەوانەی هێزیان هەیە، تەکنەلۆژی هێز و دەسەڵاتیان هەیە، ئەوانەی کە یاسای ئەم سەردەمە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە تر و دژ بە مرۆڤایەتی تر لە یاسای جەنگەڵ دیاری دەکەن.
هێزی قەڵاچۆکەرانەی ڕژێمی بەغداش، بەشێکە لەم یاسای جەنگەڵە. ئێمەش بمانەوێ و نەمانەوێ، بەرامبەر ئەو هێزە وەستاوین و چارەمان نییە دەبێ بەرامبەری بوەستین.
لێرەوە: پێویستمان بە پێداچوونەوە و دارشتنەوەیەکی تەواوی مێژووی ڕابردووشمان هەیە تا بتوانین لە جیاتی پچڕان و دابڕان، پێکەوە لکان و گرێ دان و هاوهێزیی لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا، لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا دروست بکەین، بناغەیەکی پتەوی کار و خەبات بۆ سبەینێمان فەراهەم بکەین.

ئەم پێداچوونەوە و دووبارە دروست کردنەوە و نوێ بوونەوەیە، ئەمڕۆ بە حوکمی تەکنەلۆژیای نوێوە، بە حوکمی بە زانست بوونی هەموو لایەنەکانی ژیان، بە حوکمی نەمانی سنووری مەعلومات و بچوك بوونەوەی دنیا، وەك دێیەکی گەردوونی، بۆ هەموو نەتەوەیەك پێویستییەکی ژیان بەخشانەیە.

بۆیە ئەم ڕەوتە مێژووییە: ڕەوتی پێداچوونەوەی ڕابردوو و دارشتنەوەی ئەمڕۆ و دروست کردنی بناغە و هەل و مەرجی نوێ بۆ بەرەو ڕوو بوونەوەی سبەینێ: سەدەی بیست و یەکەم لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا، چ سەرمایەداری چ سۆشیالیستی، بۆ مەبەست و ئامانجی جۆراوجۆر، بە ڕێگا و بۆچوونی جۆراوجۆر، خۆی سەپاندووە و چەسپاندووە. دیارە گرنگترین و دیاریترین و بەناوبانگترین ڕەوتێکی مێژووی لەم جۆرە: سیاسەتی پێرسترۆیکا و گلاسنۆستە لە یەکێتی سۆڤیەت کە کەم یان زۆر کاری کردۆتە سەر وڵاتەکانی سۆشیالیستی تر و درەنگ یان زووش کار دەکاتەوە سەر تەواوی حیزبە کۆمۆنیستی و مارکسیەکان، جا بە شێوەی ئیجابی بێ یان سلبی.

پێرسترۆیکا: یانی دارشتنەوە، جارێکی تر دروست کردنەوە، نوێ کردنەوە، واتە هەڵگێرانەوەی شێوەی کۆنی بەڕێوەبردنی ژیان ئابووری و کۆمەڵایەتی یەکێتی سۆڤیەت تا بتوانێ لەگەڵ پێداوێستیەکانی ئەم سەدەیەدا بڕوا.

گەورەترین کێشەش ئەوەیە کە بتوانێ لە مەیدانی تەکنەژۆژیدا مونافەسەی وڵاتانی سەرمایەداری بکا و ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕ بکاتەوە کە هەڕەشەی ئەوەی دروست کردوە کە ڕووی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیەوە، (بە بیروڕای ئابووری زانێکی سۆڤیەتی گەر گۆرباچۆڤ ئەم هەنگاوەی پێرستۆیگای نەنابایە و گەر ئەم هەنگاوە سەرنەکەوێ)، لە ماوەی دوو سێ ساڵی داهاتوودا یەکێتی سۆڤیەت لە ڕووی تەکنەلۆژیەوە تەنانەت دەکەوتە دوای دەوڵەتانی وەك کۆریای جنوبی و تایوانیش.

هاوڕێینە! ئەوە کەمی و شەرم نییە، گەر هەر شۆڕشگێڕێك هەڵە و ناتەواویەك‌ی بینی بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە، بە ئازایەتی و بوێرییەکی بێ وێنەوە بەرەو ڕووی بێتەوە و ڕێبازی چارەسەری بۆ دیاری بکا.

مەسەلەی پێرسترۆیکاش لە یەکێتی سۆڤیەت تا ئێستا ئەمە دەردەبڕێ. بۆیە دەبینین شان بە شانی گۆڕانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی قووڵ، سیاسەتی گلاسنۆستیش بۆتە بنکەیەکی ژیانی ڕۆژانەی گەلانی سۆڤیەت.

گلاسنۆست: مانای ئازادیی و ئاشکرایی و ڕاستگۆیی سیاسییە، کە لە پێش هەموو شتێکدا ئازادی بیر و باوەڕ و مەودادانە بە جەماوەر و ڕووناکبیران و

مێژوونوسان و ئەدیبان و ئەکادیمیان تا بەوپەڕی ئازادی و جورئەتەوە هەڵەکانی ڕابردوو و ئێستا دەربخەن و لە ڕێگای ململانێی بیر و بۆچوونی جیاوازەوە، بە مەبەستی پتەوکردن و بەهێز کرنی سۆشیالیزم باشترین و خێرا ترین چارەسەر بۆ کەم و کورتیەکان بدۆزرێتەوە و هێز و وزەی جەماوەر بخرێتە کار و بازدانێکی مێژووی گەورە بە ئەنجام بگەیەنرێ کە بۆ یەکێتی سۆڤیەت بلوێنێ لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا وەکو سوپەرهێزێکی جیهانی بمێنێتەوە.
مەبەستم لەم لا لێکردنەوەیە ئەوە نییە لەم دوو سێ وشە سەرپێییەدا تەجرەبەی پێرسترۆیکا و گلاسنۆست هەڵبسەنگێنم، بەڵام دەمەوێ سەرنج بۆ دوو مەبەست ڕابکێشم: یەکەم: ئەوەیە کە ئەو گۆڕانە جیهانیانەی ئەمڕۆ لە ئارادان کە سیاسەتی پێرسترۆیکا لە یەکێتی سۆڤیەت گەورەترین و دیاریترینیانە، کار دەکەنە سەر تەواوی ژیان و سیاسەت و هاوتایی هێزی جیهانی و سەر چارەنوسی هەموو گەلێك، گەورە یان بچوك. ئێمەش پێویستە هەر وا بە سادەیی و ساویلکەیی و پەراوێزیی سەیری ئەم ڕەوتە نەکەین، بەڵکو تێبگەین و ڕۆژ بە ڕۆژ هەڵی بسەنگێنین و نە ساویلکانە پشتگیری موتڵەقی بکەین نە نەزانانەش پشت گوێی بخەین یا دژایەتی بکەین، بەڵکو بزانین تاچ ڕادەیەك بۆ سەپاندن و سەقامگیر کردنی ئاشتی دادپەروەرانە و سەلماندنی مافی چارەنوسی گەلان، گەورە یان بچوك، بە سوود بە نرخە.
مەبەستی دووەمم کە مەبەستە سەرەکیەکەمە ئەوەیە: پێرسترۆیکا و گلاسنۆست، واتە گۆڕان و نوێ کردنەوەی مێژوویی و ئەو ئازادییە سیاسیی و ئایدۆلۆژییەی شان بە شانی ئەم گۆڕان و نوێ کردنەوەیە دەڕوا، بۆتە حەقیقەتێکی باو و بەشێکی جەوهەریی ڕۆحی ئەم سەردەمەمان، هەر وەك مارکس ڕوونی کردۆتەوە: شێوەی سەرمایەداریی لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕیی هەیە کە هەمیشە لە خۆ نوێ کردنەوەدایە. هەر گۆڕانێکیش لە هۆیەکانی بەرهەم هێنان، گۆڕان لە پێوەندییەکانی بەرهەم هێناندا و لە ئەنجامدا لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسییەکاندا دروست دەکا. لەبەر ئەوەی وەك وتم ئەمڕۆ تەکنەلۆژی ئەو هەلەی دروست کردووە جیهان، هەموو جیهان وەك تاقە دێیەکی گەردوونی لێهاتووە، هەموو گۆڕانێکی گەورە لە مەیدانی تەکنەلۆژیای بەرهەم هێنان و پێوەندی بازاڕی سەرمایەداریی، درەنگ یا زوو، تەواوی دنیا دەگرێتەوە.
لێرەوە دەبێ ئەم هەموو قەرزە گەورانە تێبگەین کە وڵاتانی جهیانی سێهەم تەنانەت هەندێ وڵاتانی سۆشیالیستیش پێوەی دەتلێنەوە، لێرەوە دەبێ

دەرکەوتنی سەرمایەداریی جیهانیی لە شێوەیەکی نوێی ئیمپریالیزمدا تێ بگەین، لێرەوە دەبێ چەك بەرهەم هێنان و بازاڕی چەك خۆش کردن و بەهێز کردن و زۆر کردنی ئەو بازاڕانە بە هۆی نانەوە بەردەوام کردنی شەڕی دڕندەگەڕییانەی وەك شەڕی عێراق و ئێران تێ بگەین کە بووە هۆی کاول کردنی دوو وڵاتی دەوڵەمەند و بەفیڕۆدانی ژیان زیاتر لە یەك ملیۆن مرۆڤ و دەربەدەر کردن و قوڕ بەسەر کردنی ملیۆنەهای تریش.

جا ئەگەر ئەمە ڕۆحی سەردەمەکەمان بێ، جا ئەگەر پێرسترۆیکا و گلاسنۆست بۆ هەموو گەلێکی مەزن و گچکە پێویستییەکی مێژووی مان و نەمان بێ، ئەی بۆ ئێمەی کورد، بۆ ئێمەی بێ کەس و بێ دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووریی لە جیهاندا دەبێ چەند پێویستییەکی گەورە بێ.

بۆ ئێمە پێداچوونەوەی ڕابردوومان و نوێ کردنەوەی مێژوومان و داڕشتنەوەی شێوەی خەبات و تێکۆشانمان و شێوەی پێوەندیمان لەگەڵ یەکتردا و لەگەڵ دۆستەکانماندا و لەگەڵ جیهان و ژیان و ڕۆحی سەردەمدا: پێویستییەکی مێژوویی گەورەیە، پێویست ناکا بڵێین مەسەلەی مان و نەمانە: چونکە مەسەلەی مان و نەمان ئەمڕۆ بە فیعلی، بە کردەوە، وەك حەقیقەتێکی ڕۆژانە لە ئارادایە. هەر لەم لەحزەیەدا ڕۆڵەکانمان، پێشمەرگە جەنگاوەرەکانمان لە کوردستان، لە شەڕی مان و نەماندان، بەرامبەر گازی کیمیاوی وەستاون: لە تۆڕی گواستنەوەی مێژوویی پێش هەڵەبجەدا بۆ مێژووی پاش هەڵەبجە تێماون. تا چ ڕادەیەك ئەوان لەو تۆڕی مەرگ و لەناوچوونە ڕزگار دەبن؟ تا چ ڕادەیەك گەلەکەمان لەوە تۆڕی مەرگ و قەڵاچۆ کردنە ڕزگار دەبێ؟

ئەمەیە ئەو پرسیارە مێژووییە گەورەیەی بەرەوڕومان بۆتەوە: پێویستە بەقەدەر شاڵاوی ڕقاوی مەرگ و لە ناوچوونی ئێمە، شاڵاوی بەرهەڵستی و ژیان و مانەوە دروست بکەین. پێویستە لە دڵ و دەروون و ویژدانمانەوە، باوەڕمان بەوە بێ کە هێزی ژیان بەهێز تر و مەزن ترە. گەلی ئێمە، گەلی خەباتکەری کوردستان کە لە هەرە سەرەتاکانی مێژووەوە بەرامبەر شاڵاو لە دوای شاڵاوی ئیمپریالیستەکان بۆتەوە: ئەمرۆش دەتوانێ بەسەر چەکی کیمیاویشدا زاڵ بێ، دوژمنەکانمان یەك لە دوای یەك ڕۆیشتوون و ناویان لە زبڵخانەی مێژوودا ون بووە، بەڵام کورد ماوە. کۆلۆنیالیستی بەعس و کۆلۆنیالیستی تورکیی و ئێرانیش بەسەر دەچێ و کورد هەر دەمێنێ. ئێمە دەبێ ئەو قەناعەتە مێژووییە بەهێزەمان هەبێ، بەڵام هەر لەو کاتەشدا دەبێ بزانین تا ڕۆژێك زووتر کۆتایی بە تراژیدیای مەرگ و وێرانکاری بهێنین کەمە، دەبێ بزانین کە ئێستا لە

سەرەتای مێژووی دوای هەڵەبجەین و خەباتی چەکداریی بەشێوەی ڕابردوو، ئازایەتی و ئامادە بوون بۆ شەهید بوون بەس نییە، دەبێ بزانین کە ئەمڕۆ هەموو کارێك، هەموو لایەنێکی ورد و درشتی ژیان: زانستە و خەباتی سیاسیش، خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییش، دەبێ ببێتە زانستێکی نوێ.
لێرەوەیە، هاوڕێیان، کە ئەم کۆنگرەی ئێوەی وەك خاڵێکی سەرەتای مێژووی دوای هەڵەبجە گرنگە.
بڕیاری یەکگرتنەوەتان گرنگ و پیرۆز و کاریگەرە، ئەگەر (تەکنەلۆژیای هێز) ڕۆحی ئەم سەردەمە بێ، ئاڵوگۆڕی سیاسیی و ئابووریی و ئایدۆلۆژیی لە ئاستی جیهاندا ڕۆحی ئەم سەردەمە بێ،زاڵ بوونی شێوە بەرهەمهێنانیی سەرمایەداریی و پێویستی سەرمایەداریی بە بڵاوبوونەوەیەکی نوێی، شێوازی نوێ لایەنێکی ئەم سەردەمە بێ؟ ئێوە چۆن دەتوانن خەباتی خۆتان لە دەرەوەی وڵاتدا بۆ وەستاندنی شەڕی لە ناوچوون و بەهێز کردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان پەرە پێ بدەن!
چۆن دەتوانین لە پشت بەستن بە شاخەوە بۆ بەربەرەکانی چەکی کیمیاوی هێزێکی تری بەدیل بدۆزینەوە؟!

ناتوانم بەم پەلەیە وەڵامێکی هاکەزاییش بۆ ئەم پرسیارە دەست نیشان بکەم، بەڵام با بڵێین: دوای وەستانی شەڕی عێراق و ئێرانیش، شەڕی لە ناوبردن دژی گەلی کورد بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویشەوە بەردەوام دەبێ، دەتوانین چی بکەین:
1- یا ئەوەتا چەکێك، بابەتێکی خۆ پاراستن دژی چەکی کیمیاوی پەیدا بکەین کە گەلی کورد بەکاری بهێنێ، کە دیارە ئەمە مەسەلەیەکی تەکنەلۆژیی و جیهانی گەورەیە و دەرەقەتی نایەن.
2- یان ئەوەتا بەوپەڕی زیرەکی و وریایی و ئازایەتی و خۆ ماندوو کردن و دەرفەت وەرگرتنەوە کەڵك لەم مەناخە سیاسیە تازاەیە وەربگرین کە لە جیهاندا هەیە و، کە خەریکە هەرچەندە ناتەواو و نیوەناچڵیش بێ، چارەسەری سیاسیی و ئاشتیانە بۆ زۆر مەسەلەی بەربەرەکانی نەتەوەیی و ناوچەیی دەدۆزێتەوە: وەك ئەفگانستان، ئەنگۆلا، کەمبۆدیا، نامیبا، مۆزانبیق، مەسەلەی فەلەستینی، دەبێ کەڵك لەم مەناخە و لە ڕۆحی پێرسرۆیکا و گلاسنۆست وەربگرین تا ئێمەش وەك هێزێکی سیاسی کاریگەر بەتایبەتی لەدەرەوەی وڵاتدا دەربکەوین. لە هەموو لایەکەوە هاوار و داد و ناڵە و گاڵە بڵند بکەینەوە تا

دەنگی ئێمەش دەبیسترێ و دنیا بە تراژیدیای ئێمە دەزانێ و لە هەموو وڵاتێك و لایەن و ڕێکخراوێکەوە، گەورە یا بچوك، زەختی سیاسی لەسەر عێراق دەکرێ و نەك هەر تەنیا بە کارهێنانی چەکی کیمیاوی پێ قەدەغە دەکرێ، بەڵکو چەکەکانیشی لەناودەبرێن و لەسەر ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیە سزاش دەدرێ و مەسەلەی مافی سیاسی نەتەوەی کوردستانیش دێتە ئاراوە.

لەم بۆچوونەوەیە، هاوڕێیان، ئێوە، ئەم کۆنگرەی ئێوە، ئەم بڕیارە مێژووییەی ئێوە، لەگەڵ و لە تەك هەنگاوی پیرۆزی پێك هێنانی بەرەی کوردستانیدا، سەرەتای مێژووی نوێی دوای هەڵەبجە پێك دێنێ. بەڵام ئێوە، وەك هێزێکی دەرەوەی وڵات کە لە هەموو وڵات و شارێکدا هەن و دەورتان هەیە و دەنگتان هەیە، دەشێ دەورێکی یەکجار مەزن و پیرۆز و کاریگەر ببینن، دەبا: ڕابردووی پڕ ڕقەبەرایەتی و ناحەزێتی و دووبەرەکی بێ بەڵگە و بناغە گۆڕ بکەین ببینە یەك دڵ و یەك هەست و یەك هیوا لە دەوری تاقە یەك ئامانجی پیرۆزی ئەم کات و ساتەماندا: وەستاندنی شەڕی ئیبادە دژی گەلی کوردمان. با لە لەندەن، لە پاریس، لە مۆسکۆ، لە پراگ، لە وارشۆ، لە ستۆکهۆڵم، لە بەرلین، لە واشنگتۆن، لە هەموو وڵات و شار و شارۆچکەیەکدا ببینە یەك هێز و یەك حەملەی گەورە بۆ ڕیسواکردنی دوژمنانی کوردستان و دوژمنانی مرۆڤایەتی و عەتف و پشتیوانی هەموو گرۆ و هێز و ڕێکخراوێك بەدەست بێنین بێ جیاوازیی. یەمەیە ئەو ئەرکە پیرۆزەی لەناو بۆتەی خەبات بۆ ئەو ئامانجەدا هەموو بیر و هەڵوێستە کۆن و پەك کەوتەکان دەتوێنەوە و سەرەتای پرێسترۆیکای کوردیش دەست پێدەکا، با بە ڕۆحی گلاسنۆستی ڕاستگۆیی و ئازادیی بیر و باوەڕ و دیموکراتییەوە ئەو ئەرکە ئەنجام بدەین.

هاوڕێینە، بە ڕواڵەت، بە واقیع، ئەمڕۆ لە تاریکترین سەردەمی مێژووییماندایین، بەڵام با بۆ دەقیقەیەکیش باوەڕمان بە دیالەکتیکی ژیان و خەبات ون نەکەین، با لایەنە ڕوون و درەوشاوەکانی دەرفەتی خەبات و سەرکەوتن فەرامۆش نەکەین.

با هەر وەك گۆرانی نەمر دەڵێ، لامان ئاشکرا بێ کە:

ئەوەندەی ڕۆحی مەئیووس و مەلوول تاریك دەکا دنیا

ئەوەندەش نوور لە ڕۆحی شادەوە دەڕژێ بەسەر سەریا

با بزانین لەگەڵ ئەم هەموو مەینەت و کارەساتەشدا: مەسەلەی نەتەوەکەمان بۆ پێشەوە دەچێ. لە کوردستانی ژووروودا دوای زیاتر لە نیو سەدە تاوان و خەیاڵ پڵاو کە کورد نەماوە: ئێستا کورد لە هەموو کاتێ بە هێزترە،

بەباوەڕترە، ڕێکخراوترە، ڕۆشنبیرترە، ئایینده و پاشەڕۆژی ڕووناکترە. با واش نەزانین کە جەللادانی وەك سەددام هەتا هەتا دەمێنن. ئەوانە هێزی تاریکی و مردنن و هێزی ژیان و ڕووناکی لەوان بەهێزترە. ئەوان وەك کوندەپەپووی شەڕ وان و خۆری ئاشتی دەیان ڕزێنێ و دەیان تۆپێنێ. هەر دوێنێ جەللادێك بە ناوی( ضیاء الحق) کە تەمای بوو لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا تاقە سەرداری پاکستان بێ، گۆڕ بە گۆڕ بوو.
گۆڕ بە گۆڕ بوونی هیتلەرانی وەك سەددام و شا و ضیاء الحق بەشێکە لە دیالەکتیکی ژیان بەرامبەر مردن ، ئێمەش هێزێکین بۆ ژیان، بۆ ئاشتی، بۆ پاشەڕۆژێکی باشتر بۆ مرۆڤایەتی.
دەسا بەرەو خەباتێکی نوێ هەر سەرکەوتوو بن.

- سەرنج:

ئەمە دەقی ئەو وتارەیە کە لە کۆتایی کۆنفرانسی یەکگرتنی شەش ڕێکخراوی خوێندکاری کوردستانیی لە ئەورووپادا لە بەرلین لە ئێوارەی ڕۆژی 1988/8/21 دا پێشکەش بەشدارانی کۆنفرانسەکە کرا.